# بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

( ١٩٧٦-١٩٨٢ )

## توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

ئەحمەد حەمەدئەمین

## پێشەکی

بیرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی ئەو تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرانە بوو، کە دوای نسکۆ شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی١٩٧٥، بەردەوامی خەباتی نیشتمانیو شۆڕشیان بە پێویست دەزانی، لەم سۆنگەشەوە هەندێکیان نەچوونە ژێر باری ئەو بارودۆخەو ئاودیوی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوون، ئەوانە دیکەش کە ئاوارەبوون هەر زوو کەوتنە کۆبونەوە بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. دیدارو گفتوگۆی نێو دانووستانەکان هەموویانی هێنایە سەر بیری ئەوەی بگەڕێنەوە عیراقو، ڕێکخراوێکی سیاسی دابمەزرێنن، بە مەرجێ ئەم ڕێکخراوە هەر دوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، (باڵی مەلا مستەفا بارزانیو باڵی مەکتەبی سیاسی) لە خۆیدا کۆبکاتەوەو، هەوڵی سارێژکردنی ئەم ناکۆکیو دووبەرەیەکییە بدات کە شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤ تووشی هاتبوو. بەمەش لە ئاکامی هەوڵو کۆششی پۆلێك لەم تێکۆشەرانە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە سەرەتاکانی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ هاتە دامەزراندن. لێرەشدا بۆ شەنو کەوکردنی بیرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانو، ڕۆڵی لە هەڵگیرسانەوە شۆڕشی نوێو بەشداری کردنی لە خەباتی نیمچە بەرەی لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانو هۆکارەکانی جیابوونەوەی باڵێکیان لە ٢١ی مارتی١٩٧٩ لەم نیمچە بەرەیەدا، بەردەوامی باڵێکی تریان لە خەباتو تێکۆشان لە ناو یەکێتی تا ساڵی ١٩٨٢. لە دووتۆی توێژینەوەیەکدا ئەم ئەرکەمان گرتە ئەستۆ.

هەڵبەتە کارێکی لەم جۆرە بابەتە پێویستی بە وردبوونەوەو پشوو درێژیی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانیت بە سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ زانیاری نێو سەرچاوەکان بکەیتو، بێ لایەنانە بابەتەکان هەڵسەنگێنیتو ڕاشکاوانە بیروڕای خۆت بڵێیت. لێرەشدا ئەگەرچی ئەم ئاڵۆزییە لە زانیاری نێو سەرچاوەکان لەگەڵ درەنگ دەسکەوتنی هەندێ لە سەرچاوەکانو دەرفەت نەبوونی بینینی هەندێ لە بەشداربووانی ڕووداوەکان بوونەتە فاکتەرێك لە دواکەوتنی تەواوبوونی توێژینەوەکە، بەڵام نەبوونەتە هۆکاری ئەوەی توێژینەوەکە بە ئەنجام نەگات، کە لە پێشەکیو دوو بەشو ئەنجام پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:** کە دوو تەوەر لە خۆی دەگرێت.

لە تەوەری یەکەمدا باس لە هەلومەرجی ئەم سەردەمی کوردستان دەکەین، کە دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ هاتبووە پێشەوەو، لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەوە دواتر بیرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان گەڵاڵە دەبێت.

له تەوەری دووەمدا باس لەم بیروباوەڕانە دەکەین کە دامەزرێنەرانی بزووتنەوە سۆسیالیستی کوردستان لە سەری ڕێککەوتوون‌و، لەم چوارچێوەیەشدا دەستیان بە چالاکییە سەرەتاییەکان کردووە.

**بەشی دووەم:** کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە:

لە تەوەری یەکەم: باسی لە ڕۆڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەکەین لە هەڵگیرسانەوە شۆڕشی نوێدا لەگەڵ بەشداری کردنی لە خەباتی نیمچە بەرەیی لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا.

لە تەوەری دووەم: شرۆڤەی ئەو هۆکارانە دەکەین کە بوونەتە هاندەری ئەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بڕیاری جیابوونەوەی خۆی لە خەباتی نیمچە بەرەیی لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بدات. لەگەڵ دوا ئاکامەکانی ئەو جیابوونەوەیە.

**لە ئەنجامدا** ئاماژە بۆ ئەو خاڵانە دەکەین کە لە دوو توێی باسەکەدا پێ گەیشتوون.

دیارە بۆ باسێکی وا توێژەر پێویستی بە سەرچاوە گەلێك دەبێت بۆ ئەوەی پشت بە زانیارییەکانیان ببەستێت، بۆیە ئەم توێژینەوەش زانیارەکانی بە چەندین سەرچاوەی جیاواز پشت ئەستوور کردووە، وەك:

یەکەم: نووسراو بەیاننامەو دیکۆمێنتی تایبەت بە مێژووی ئەو سەردەمە.

دووەم: یادداشتنامەی زۆرێك لەو کەسایەتیانەی کە بەشداری ڕووداوەکانیان کردووەو ڕۆڵیان بینیوە، وەکو نەوشێروان مستەفا ئەمین( لە کەناری روباری دانوبەوە بۆ خری ناوەزەنگ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن) کە سەرچاوەی زۆر بە سوودن، لەبەر ئەوەی نووسەر یەکێك بووە لەم کەسایەتییەکانی ناو ڕووداوەکان‌و لە هەندێ کاتدا ڕاشکاوانەو بوێرانە هەڵەو لادانەکانی باس کردووە، ئیتر بۆ ئەم توێژینەوەیە بەرگی یەکەمیان زۆر بە سوود بووە، هەروەها سوود لە یادداشتەکانی: ڕێباز( قەندیل بەغدای هەژاند)، سەید کاکە( بیرەوەری پێشمەرگەیەك)، مەلاشێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی( سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی١٩٧٦ چۆن دەستی پێکرد؟!)، پشکۆ نەجمەدین( ئەزمون یاد)و، چەند بیرەوەرییەکی دیکە وەرگیراوە.

سێیەم: ئەو کتێبە مێژووییانەی کە دەربارەی ئەو سەردەمە بە زمانە جیاجیاکان نووسراون وەکو: بەهرۆز گەلاڵی( ڕەسول مامەند ٥٠ ساڵ تەمەن‌و ٣٣ ساڵ خەبات)، شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات‌و تێکۆشان...)، مەلا بەختیار( یاخی بوون لە مێژوو لێکدانەوەی ئاوەژوونەکردنی ڕاستیەکان)، صلاح الخرسان ( التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١).

چوارەم: ئەو توێژینەوە ئەکادیمیانەی کە دەربارەی ئەو سەردەمە نووسیویانە، لە سەرووی هەموویانەوە، نامەی ماستەری، سەروەر عەبدولرەحمان عومەر( یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراندن‌و دەست پێ کردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦)، سوودی بۆ ئەم توێژینەوەیە زۆر بووەو، بەهۆی ئەوەی توێژەر باسەکەی بە زۆرێك لە دیکۆمێنت‌و بڵاوکراوەی ئەم سەردەمە دەوڵەمەند کردووە.

پێنجەم، سازدانی دیمانە لەگەڵ هەندێ لەو کەسایەتیانەی کە ڕۆڵیان لەم قۆناغ‌و سەردەمەدا بینیوە.

ئیتر ئەمانەو ژمارەیەك سەرچاوەی دیکە هەوێنی بەرهەم هێنانی ئەم توێژینەوەیەن کە لە ریزبەندی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە.

دیارە هیچ توێژینەوەیەك بێ كەمو كورتی نییە، بۆیە ئەم توێژینەوەیەش شایەنی تێبینیو ڕەخنە لێ گرتنە، ئێمەش دەخوازین لە خوێنەری بەڕێز لە كەمو كورتییەكان ئاگادار بكرێنەوە، بۆ ئەوەی تێبینییەكانی ببێتە هەوێنی سەركەوتنی كارەكانی داهاتوومان.

## بەشی یەكەم: هەلومەرجی دامەرزاندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستانو سەرەتای چالاكییەكان

## تەوەری یەكەم: بارودۆخو زەمینە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان

نزیك بوونەوەی پەیوەندییەكانی عیراق ئێرانو، مۆركردنی ڕێككەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی مارتی ١٩٧٥، بۆ شۆڕش ئەیلولو سەركردایەتییەكەی كۆتاییەكی غەمناك بوو، لەبەر ئەوەی سەرانی كورد تا دواساتیش باوەڕییان بە واقیعەكە نەدەكردو، بەو هیوایە بوون كە ئەمریكاییەكان هاوكاریان پێشكەش دەكەن[١]،بەلام كاتێك بارودۆخەكە بوو بە ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگر، ئەو دەمە دەبوو بیر لە هەنگاوی دیكە بكرێتەوە.

دوای هاتنە پێشەوەی ئەم هەڵو مەرجە تازەیەو چوونی مەلا مستەفا بارزانی(١٩٠٣-١٩٧٩) بۆ تارانی پایتەختی ئێرانو دانیشتنی لەگەڵ محەمەد ڕەزا شا(١٩٤١-١٩٧٩)و، دواتر گەڕانەوەی[٢]، بڕیاری كۆتایی هاتن بە شۆڕش درا[٣]. ئەمەش وای كرد لە ژێر ئەو كاریگەرە دەروونیو كۆمەڵایەتییە، ژمارەیەك لە پێشمەرگەو كادیرو سەركردەكانی شۆڕش قبوڵی هەرەس هێنان نەكەن، بۆیە بیریان لە بەرگریكردنو بەردەوامی شۆڕش كردەوە. لەم چوارچێوەیەشدا عەلی هەژار[٤]و هەندێ لە كادیرەكانی دیكە بڕیاری بەرگری كردن دەدەنو، بۆ ئەو مەبەستەش كۆمیتەیەك پێك دەهێنن بە ناوی كۆمیتەی سەرپەرشتی بەرخودانو، لە شەڕێكیشدا سەركەوتن بەسەر هێزەی ڕژێمی عیراق بەدەست دێنن، بەلام بەهۆی پشتیوانی نەكردنی سەركردایەتی شۆڕشەوە هەوڵەكەیان لە دواجاردا سەركەوتوو نابێت[٥]. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە كاتێك كۆتایی هاتن بە شۆڕش دەبێتە هۆكاری ئەوەی زۆرێك لە كادیرو سەركردەو پێشمەرگەكان ئاوارەی شارەكانی ڕۆژهەلاتی كوردستان بن، هەر زوو دەكەونە خۆو لە مانگی نیسانی١٩٧٥ لە كۆبوونەوەكانیاندا تاوتوویێ بارودۆخەكە دەكەن، بۆ ئەوە بڕیار لە چارەنووسیان بدەن[٦].

سەرچاوەكانی تایبەت بە گێڕانەوەی چۆنییەتی بەڕێوەچوونو شوێنو ژمارەی كەسایەتییە بەشداربووەكانی كۆبوونەوەكان زانیاری جیاواز بە دەستەوە دەدەن. لەم بارەیەوە قادر عەزیز[٧] دەڵێ:" **دوای هەرەس هێنانی شۆڕش زۆربەی ئەو كادیرانەی كە ئامادەی قبوڵكردنی هەرەسهێناكە نەبوون...، هەر زوو كەوتنە خۆ بۆ ئەوەی چەند كۆبوونەوەیەك بكرێ...، ئەوانە ژمارەیەكی زۆر بوون، بۆ نموونە من، عەلی عەسكەر، د. خالید، شەهید عەلی هەژار، د. مەحموود، كاردۆ گەلاڵی، شەهید سەعدیو(مەبەستی سەعدی گچكەیە- توێژەر) مەلا ناسیح بوون، لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە كادیران، لە ئورمیەو لە مەهاباد چەندین كۆبوونەوە كرا**"[٨]. یەكێكی دیكە لە سەرچاوەكان لەسەر زاری بەشداربووانی بارودۆخەكەی ئەو سەردەمە ئاماژە بۆ بابەتەكە دەكاتو دەڵێ:" **كۆمەڵی لە كادیرانی هۆشیار بە تایبەتی كادیرانی پلە دوو لە شاری نەغەدە كۆدەبنەوە ئەمانە دەست دەكەن بە كۆبوونەوە...، ئەوانەی كە بەشداری ئەو كۆبوونەوانە بووینە ژمارەیان ١٠٠-١٥٠ كەس دەبێ لە نێوانیان عەلی هەژار...، مەلا ناسیح، ڕەحمان گۆمەشینی، سەید مەجید، قادر شۆڕش، بەكر عەلی، نوری عەبدولڕەحمان، دكتۆر خالید، مەلا عومەری چل هەوێزەو زۆریتر...**"[٩].

کەچی لە سەرچاوەیەکی دیکە بەم شێوەیە باس کراوە:" **یەکەمین کۆبونەوەی ئەو تیکۆشەرانە لە نیسانی ١٩٧٥ لە ورمێ لە ماڵی عومەر دەبابە بەسترا، بەشداربوانی پێك هاتبوون لە علی عەسکەر، د.خالید سعید، علی هەژار، ابراهیم احمد، کاردۆ گەلاڵی، جەمال ئاغا، ڕەسول مامەند، مەلا ناصیح، عومر دەبابە، عبدالرحمن گۆمەشینی، ملازم تاهیری علی والی، سەلیم ئاغۆك،و کەمال محی الدین...**" سەرجەمی بەشدار بووان بیست کەس بوون[١٠]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێ، لە ژێر ڕۆشنایی زانیاری نێو سەرچاوەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کۆبوونەوەکان ژمارەیەك کۆبوونەوەی جیا لە شوێنی جیاواز کراون، هەروەها لەبەر ئەوەی نووسراو بەڵگەنامەیەکی تایبەت لەبەر دەست دانییە، بۆیە ئەستەمە ژمارەو ناوی کەسایەتییە بەشداربووەکان بە وردی بسەلمێنرێن، چونکە ئەمانەی یاداشتی ناوەڕۆکی دانیشتنەکانیان کردووە، ماوەیەك بەسەر بابەتەکە ڕۆیشتووە ئینجا یاداشتیان کردووە، بۆیە ڕەنگە ناوی هەندێکیان لە بیر کردبێ، یاخود خستبیانە ژێر لێوانەوە، یان هەندێ لە بەشداربووەکانی نەناسیوە بۆیە ناوی نەهێناون. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، بەهۆی ئەوەی کۆبوونەوەکان یەك کۆبوونەوە نەبووەو لە یەك شوێن نەکراوەو، لە بارێکی ئاسایشدا نەبەستراوە، بۆیە دوور نییە ئەمانەی یاداشتی بابەتەکەیان کرووە، لە هەموو کۆبوونەوەکان بەشدار نەبوو بێ، لەبەر ئەوە نەیان زانیوە تەواوی بەشدار بووان کێ بووینەو ژمارەیان چەند بووە.

شیاوی باسە، شیکردنەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمەو یەکخستنی هەوڵەکانیان بۆ بەردەوامی خەبات ناوەرۆکی کۆبوونەوەکان بووە، بەمەش لە دواجار بەشداربووان کۆك دەبن لەسەر ئەوەی کە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە کە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر هاتۆتە پێشەوە، لەبەر ئەوەی ئێران ڕێگای بە پەناهەندە کوردەکان نادات خەباتی سیاسی خۆیان ئەنجام بدەن، بۆیە وا بە چاك دەزانن کە سوود لەم بڕیاری لێخۆشبوونە ببینن کە حکومەتی عیراقی داویەتی و، بگەڕێنەوە عیراق تاچالاکییەکانیان دەست پێ بکەنەوە[١١]، هەروەها بەشداربووان پێیان باش بووە کە بە زووترین کات پارتێك لە کوردستان دروست بکرێت، لەبەر ئەوەی زۆربەیان پێیان وابووە کە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، پارتی دیموکراتی کوردستان نەیتوانیوە وەکو پێویست هەوادارانی خۆی لە خۆی بگرێت[١٢]. جگە لەوەش بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی خەباتی ڕابردوو گەیشتبوونە ئەوەی کە شۆڕشی کورد نەك هەر نەیتوانیوە بەردەوامی بە خەبات بدات، بەڵکو ڕێگریش بووە لە بەرانبەر ئەوانەی کە بڕیاری بەردەوامی خەباتیان داوە[١٣].

دوای گەڕانەوەی ئەو پۆڵە سەرکردەو پێشمەرگەیە لە مایسی ١٩٧٥بۆ عیراق، حکومەتی عیراقی لە بڕیاری لێبوردنەکەی خۆی پاشگەز دەبێتەوەو، زۆربەی کەسایەتییە دیارەکان بە نەفی کراوی ڕەوانی شارەکانی خوارووی عیراق دەکات[١٤]. بۆ ئەوەی لە ژێر چاوەدێری دام و دەزگاکانی حکومەتو، دوور لە یەکتری ڕێگا لەبەردەم یەکخستنی هەوڵەکانیان بگرێت، بەڵام ئەوە نەبووە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی یەکتری نەبینین، بەڵکو لە ژێر ئەو گوشارەش چاویان بە یەکتر دەکەوت، چونکە ئەوان لە ئێران گفتوگۆیان کرد بوو، بۆیە لە عیراق ئەو پەیوەندییەیان پاراستو، کەوتنە هەوڵی ئەوەی ڕێکخستنێك پێ بهێنن، سەرەتاش بە چاولێکەری( الحرکة التصحیحة) کە بەعسییەکان لە سوریا دایانمەزاندبوو، ناویان لە خۆیان نا( بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە)، بەئامانجی ئەوەی چەوتی و لادانە سیاسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاست دەکەنەوە، بەڵام دواتر دوای تاوتوێکردنی بابەتەکە لەسەر دەستی هەر یەك لە سالح یوسفی[١٥] ، عەلی

عەسکەری[١٦]، خالید سەعید[١٧]، تاهیر عەلی والی[١٨]، سەعدی گچکە[١٩]، عومەر دەبابە[٢٠]، ڕەسوول مامەند[٢١]، عەلی هەژار، کاردۆ گەڵاڵی[٢٢]و مەلا ناسیح[٢٣] (بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)[٢٤] هاتە دامەزراندن[٢٥].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، لە نێو سەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بەو سەردەمە، مێژووی جیاواز دەربارەی سەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەدی دەکرێت. ئەوەتە لە هەندێ سەرچاوەکاندا دەست نیشانی سەرەتاکانی مانگی کانوونی دووەمی١٩٧٦ دەکرێت و[٢٦]، بەڵام یەکێکی دیکە بە مانگی مایسی١٩٧٦ لە قەڵەمی دەدات[٢٧]، جیا لە وانەش سەرچاوەیەکی دیکە بۆ ٨ی ئابی ١٩٧٦ دووری دەخاتەوە[٢٨]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێ، ئەمەی دواییان کە مێژووی دامەزراندنی بۆ ٨ی ئابی١٩٧٦ دەباتەوە بە هەڵەدا چوو، ئەگەر بزانیین لەو مێژووەدا بەشێك لە ڕێکخستنەکانیان بڕیاری چوونە دەرەوەیان بۆ شاخ داوە[٢٩]، هەروەها ئەوەی دووەمیشیان کە مێژووەکەی بە مایسی١٩٧٦ دەست نیشان دەکات، ئەمیش کەوتۆتە تێکەڵاوییەکەوە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەستەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەهۆی هەندێ بارودۆخەوە بەیاننامە دامەزراندنی خۆیان لە مانگی مایسی١٩٧٦ بڵاوکردۆتەوە[٣٠]. بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مێژووی یەکەمیان لە وانەی دیکە ڕاسترە واتە سەرەتاکانی مانگی کانوونی دووەمی١٩٧٦ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دامەزراوە.

بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەگەڵ دامەزراندنی ڕۆڵی کارای بینیوە لە پەنجە خستنە سەر باوردۆخی ئەم سەردەمەی کوردستان، بۆ ئەوەی لەم سۆنگەیەوە هەوڵی ڕێکخستن بدات و، لەم چوارچێوەشدا وردە وردە هەنگاوەکانی ناوە، تا ئەوەی بڕیاری ئەوە دەدرێت پێویستە خەباتی نیشتمانی خۆیان بۆ شاخ بگوازنەوەو جار شۆڕش لە کوردستانی عیراق لێبدەنەوە.

## تەوەری دووەم: بیروباوەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و سەرەتای چالاکییەکان

دەستەی دامەزرێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان وەکو لەمەو بەر ئاماژەمان بە ناوەکانیان کرد ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە پێکهاتەکەی بریتییە لەو کادیرە سیاسی و عەسکەرییانەی کە پێشینەیەکی مێژووییان لە خەبات و تێکۆشان لە نێو هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە، بە واتایەکی دیکە گروپێکیان لەو کادیرو هەڵسوراوانەی نێو باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوون، کە هەندێکیان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤، جۆرێك لە بەرپرسیارەیەتیان لە شۆڕشی ئەیلویدا وەرگرتووە[٣١]، بەڵام گروپەکەی دیکەیان لەو کادیرو لێپرسراوانە پێکهاتبوون کە بە درێژایی تەمەنی شۆڕشی ئەیلوول، بۆ سەرکردایەتی پارتی و ڕێبازی بارزانی وەفاداربوون، کەچی نسکۆی شۆڕش لە ساڵی١٩٧٥ هەندێ گومانی لەلا دروست کربوون و، تووشی ڕاچلەکان و تێرامانی کرد بوون. بەمەش ئەو بارودۆخە ئەوەی بۆ ڕەخساندن کە کەمێك بەخۆیاندا بێنەوەو بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی ئەو تۆ بکەنەوە کە لە

ڕووی تیۆرو بەرنامەی سیاسییەوە، جۆرە جیاوازییەکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبێت و هاوتای ئەو بارودۆخە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی دوای هەرەس هێنان شۆڕشی ئەیلول بێت(٣٢).

لەم چوارچێوەیەدا بزووتنەوە لە یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنیدا ئاماژە بەوە داوە کە خەبات لە پێناوی چییەوە دەکات و لە بەیاننامەکەدا هاتووە:"... **بزوتنەوەکەمان بزوتنەوەی کرێکارو جوتیارو شێرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانە لەسەر ڕێبازی پێشکەوتوانە علمیانە خەبات ئەکات بۆ گەیاندنی گەلەکەمان بەمافی چارەنووس...**" (٣٣) ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوەی لە بڵاوکراوەکانی خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ڕێکخراوێکی چەپی دیموکراتی شۆڕشگێڕە و باوەڕی بە مارکسیزم و سۆسیالیزمی زانستی و دادپەوەری کۆمەڵایەتی و مافی چارەی خۆنووسین و گرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی هەیە(٣٤).

بزووتنەوە لەو ئانووساتەدا وەك ڕێکخراوێکی پێشکەوتووخوازی شۆڕشگێر دێتە مەیدان بۆ ئەوەی هەوڵی یەکخستنی ڕیزە پەرش و بڵاوەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بدات و، لە پێناوی چەسپاندنی ڕێبازێکی پێشکەوتووخوازو شۆڕشێکی دیموکراسی کار بکات(٣٥)، جیا لەوەش دامەزراوە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی کوردستان و عیراق و ناوچەکەو جیهان ببەستێ، بەمەش دەتوانیین گرنگترین خاڵە پراکیتکی و ئایدەلۆژییەکانی بزووتنەوە لەم خاڵانەی خوارەوە کۆبکەینەوە:

١- پشت بەستن بەسەرکردایەتی بە کۆمەڵ و ڕێگەنەدان بەکاری تاکڕەوانە.
٢- حەرامکردنی شەڕی ناوخۆو، کۆکردنەوەی کەسانی سەر بە هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناو بزووتنەوەدا، وەك هەوڵێك بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی ناکۆکییەکانی ساڵی١٩٦٤.
٣- دارشتنی بەرنامەیەکی زانستیانە کە پشت بە بنەما دیموکراسییەکان ببەستێ.
٤- چەختکردن لەسەر لایەنی چۆنایەتی ڕێکخستن واتە کەمی و پوختی ڕێکخستنەکان.
٥- خۆ دروخستنەوە لە کاری هەرزەکارانە و خۆدەرخستن.
٦- هەڵوێست وەرگرتن و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و تۆقاندنی ڕژێمی عیراقی.
٧- ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ وڵاتانی ئێران، تورکیا، سوریا لەسەر حیسابی نەتەوەی کورد بە گشتی.
٨- پەیوەندی برایانە و هاوکارانە لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان.
٩- دروست کردنی پەیوەندی هاوکارانەو پشتگیری خەباتی چەکدارانەی گەلانی ژێر دەستە.
١٠- بزووتنەوە درێژ پێدەری سروشتیانەی پارتی دیموکراتی کوردستانەو هەوڵی زیندووکردنەوەو جێبەجێ کردنی بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ دەدات(٣٦).

دوای ئەوەی بزووتنەوە دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاندو ئامانجەکانی خۆی دەست نیشان کرد، ئیتر دەبوو هەنگاو بۆ ڕێکخستنی دۆست و لایەنگرەکانی بهاوێت، لەم سۆنگەشەوە پەرە بە ڕێکخستنەکانی دەدات، کاتێك هەڵسان بەدامەزراندنی کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستن و دابەشکردنی بە سەر بەشی ڕێکخستنی سەروو و بەشی ڕێکخستنی خواروو، چونکە ئەوەی یەکەمیان خەریکی ڕێکخستنی ناوچە کوردییەکانی بوو،

ئەمەی دووەمیشیان سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی شاری بەغداو شارەکانی دیکەی خواروو، کە بەشێکی زۆری کوردی دوورخراوە تیابوو[٣٧].

لە ڕاستیدا، ڕێکخستنەکانی لە سەرەتادا بە شێوەیەکی زنجیرەیەی پێکهاتبوو لەسەر بچینەی هێل بۆ خوارەوە شۆڕدەبوویەوە، واتا تاکەکەس پەیوەندی بە تاکەکەس کردووەوبە شێوە زنجیر لەگەڵ یەکتر گرێدراوان، ئەمەش بۆ ئەو مەبەستە بووە کە زیاتر پارێزگاری لە بەشەکانی ڕێکخستن بکرێت و نهێنییەکان بپارێزرێنن، ئەم شێوە ڕێکخستنەش بەرەبەرەو لەسەرەخۆ لە ساڵانی دواتردا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو شێوەیەکی هەرەمی وەرگرتووەو لەسەرەوە بۆ خوارەوە لق و پۆپی بۆ زیاد کراوەو هەریەك لە کۆمیتەی ڕێکخستن، کۆمیتەی ناوچەی شار، ڕێکخراو، شانە سەرەکی و شانە سەرەتاییەکانی لێ دامەزراوە[٣٨].

شیاوی باسە، چ ساڵح یوسفی، چ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزووتنەوەو هەڤاڵەکانی لەسەرەتای هاتنەوەیان بۆ عیراق لەسەر ئەو بیرو فکریە بوون، ئەگەر هاتوو حکومەتی عیراقی هەندێ گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە کورد بکات و، چیتر باسی تەواوبوونی شۆڕشی کوردی و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد نەکات، ئەوە ئەوان ئامادەن دانووستان لەگەڵ میریدا بکەن، چونکە ساڵح یوسفی پێ وابوو کە ئەرکی ئەوان ڕووخاندنی ڕژێمی عیراقی نییە، بەڵکو ئامانجیان بەدەست هێنانی مافەڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عیراقدا، بەڵام دوای ئەوەی ڕژێم لەسەر سیاسەتی خۆی لە شاڵاوی گرتن و قەڵاچۆکردنی کورد بەردەوام بووەو لە جاران توونتر بووە، ئیتر سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕووبەرووی بڕیارێکی دیکە کردەوە، ئەویش هەڵگرتنی چەکە، بۆ ئەوەی ڕووبەرووی ئەو پلانەی حکومەت ببێتەوە[٣٩].

هاتنە پێشەوەی ئەو هەڵومەرجەو بارودۆخەی کە ئاماژەمان بۆ کرد، لەگەڵ پەیوەندی کردنی هەندێ لەسەرکردایەتی بزووتنەوەی بە جەلال تاڵەبانی لە سوریا، کە لە ٢٢ی مایسی١٩٧٥ یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دامەزراندبوو[٤٠]، وا دەکات بەشێك لە سەرکردایەتی بزووتنەوە بڕیاری هەڵگرتنی چەك بدەن و بە ڕێکخستنی مەفرەزە سەرەتاییەکان بەشداری لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێدا بکەن.

## بەشی دووەم: بەشداریکردنی بزووتنەوە لە ناو نیمچە بەرەیی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا

### تەوەری یەکەم: بزووتنەوەو ڕۆڵی لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش نوێدا

لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخە تازەیەی دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عیراقی هەموو هەنگاوێکیان گرتبەر لە پێناو کپکردنەوەی دەنگی کوردو نەهێشتنی دەست پێکردنەوەی شۆڕشێکی سەرتاسەری کە کار بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد بکات[٤١]. لە بارودۆخێکی ئاواشدا کە سەرانی ڕژێمی بەعس سەرهەڵدانەوەی شۆڕشیان بە مەحاڵ دەزانی، دەبوو شۆڕشگێڕانی کوردستان ئەوە بسەلمێنەوە کە شۆڕشی کوردی کۆتایی نەهاتووە، بۆیە بە هەستکردنێکی نیشتمانپەروەریانەو شۆڕشگێڕانەوە بڕیاری دەست پێکردنەوەی شۆڕشیانداوە. لەم چواچێوەشدا بە ئامانجی دەستپێکردنەوەی شۆڕش لەسەر دەستی جەلال تاڵەبانی و هاوڕێکانی لە سوریا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دێتە دامەزراندن.

بڵاوبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عیراقی تووشی نیگەرانی دەکات، لێرەشدا بۆ ئەوەی ڕێگا لەبەردەم چالاکییەکانی جەلال تاڵەبانی بگرێت، داوا لە عومەر دەبابە دەکات کە ئەوکاتە دوور خرابۆوە بۆ ناوچەکانی خوارووی عیراق، سەردانی تاڵەبانی لە سوریا بکات، بۆ ئەوەی بەهەر شێوازێك بێت ڕازی بکات بگرێتەوە وڵات [٤٢]، بەڵام ئەنجامی سەردانەکەی عومەر دەبابە بە پێچەوانەی ویستی ڕژێمی عیراقی دەکەوێتەوە، ئەگەر بزانیین لە دوای ئەو سەردانەوە جارێکی دیکە تاڵەبانی و هاوڕێکانی لە ناوەوەی عیراق دەکەونەوە پەیوەندی و نامە گۆڕینەوە بۆ قسەکردن لە بارەی دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری نیشتمانیان[٤٣].

لە ڕاستیدا، پەیوەندی نێوان تاڵەبانی و عەلی عەسکەری، عومەر دەبابەو خالید سەعید لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەردەوام دەبێت، تا ئەوەی جەلال تاڵەبانی داوای ئەوەیان لێدەکات کە خۆیان کۆبکەنەوەو بەنهێنییەوە بچنەوە شاخ و مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگە دروست بکەنەوەو هاوشان لەگەڵ مەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەی مارکسیی لینینی کوردستان[٤٤] دەست بەچالاکی بکەنەوە. بەمەش لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاسپاردەیە دەستەیەك لە ئەندامانی بزووتنەوە کە پێکهاتبوون لە : عەلی عەسکەری، خالید سەعید، سەعدی گچەکە، عومەر دەبابە،، قادر عەزیز، سەید کاکە[٤٥] و تایەر عەلی والی، لە ٨ی ئابی ١٩٧٦ بڕیاری چوونە دەرەوەیان بۆ دەستپێکردنەوە شۆڕشدا [٤٦]. بەمەش دەتوانرێ بووتری، بە هاوبەشی کردنی بزووتنەوە لەگەڵ باڵی کۆمەڵە لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا گروتێنێکی زیاتری بە شۆڕشی نوێدا.

شیاوی باسە، سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری لە ئەدەبیاتی هەر دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان بەجیاواز باسی لێوە دەکرێت، ئەوەتە مەسعود بارزانی دەڵێ:" **ئەو مەفرەزەی لە ٢٦ی گوڵان (مەبەستی ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ه- توێژەر) چوونە چیاو شۆڕشیان دەست پێکردەوە، ئەندام و پێشمەرگەی پارتی بوون و ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ئەوەوە هەبوو لە لایەن ئەوەوە چەك و یارمەتییان بۆ دابین کرابوو**"[٤٧]، بەڵام جەلال تاڵەبانی دەڵێ:" **ئەم کۆمەڵە پێشمەرگانە پەیوەندیان بە عومەر مستەفا(دەبابە)وە هەبووە کە ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی سوسیالیستی کوردستان بووە، بزووتنەوەش باڵێکی ناو یەکێتی بوو**"[٤٨]. بەبەڵگەی ئەوەی مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی و حاجی شێخەی بنزێری کە دوو کەسی ناو ئەو دەستە چەکدارەن کە بارزانی باسیان لێوە دەکات، لە ٣٠ی ئابی ١٩٧٥و ٥ی نیسانی ١٩٧٦ سەردانی عومەر دەبابەیان کردووەو باسی گرنگی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریان کردووە، هەروەها عومەر دەبابە پێ ڕاگەیاندوون بەنیازی سەردانی جەلال تاڵەبانییە، بۆیە ڕێنمایی کردوون بچنە قەندیل و ئاگاداری خۆیان بن تاوەکو ئەم دەگەڕێتەوە، لێرەشدا حاجی شێم حەمەد لە یاداشتەکانی دەڵێ:" ... **هیچ گۆڕانکاری یەك بەسەر ڕێککەوتنەکەی من و عومەردا نەهات، بەلکو چاوەڕێی ئەوە بووین، بەفر پتر بتوێتەوە، وەرزی خۆشی بەهار دابێ**..." [٤٩]، بەڵام وادیارە ئەو زوڵم و زۆرداریی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس وا دەکات نەتوانن چاوەڕوانی وەڵام بکەن، بۆیە لە دواجار لە شەوی ٢٦/٢٥ی مایسی ١٩٧٦ ڕوودەکەن شاخ و هەر هەمان شەو بەسەر کەمینی سوپای حکومەت دەکەون و پێشمەرگەیەکیان بە ناوی سەید عەبدوڵڵا[٥٠] لێ دەکوژرێت[٥١].

هاتنە دەرەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوە بۆ شاخ و کارکردنی لە کاری نیمچە بەرەیی لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، هەر لەسەرەتاوە شێوازی کاری چەکداری بەرەو دوو بیروڕای جیاواز برد:

یەکەمیان: بیروڕای کۆمەڵە بوو کە شاسوار جەلال( ئارام) (٥٢) نوێنەرایەتی دەکرد، بەپێویستیان دەزانی دەستەی چەکداری بچوك بچوك دروست بکرێت و، ئەرکی سەرەکیان هۆشیارکردنەوەی خەڵك بێت و، پەلە نەکرێت لە شەڕو پێکدادانی بەرەیی لەگەڵ هێزەکانی دوژمن، بەڵکو بایەخ بدرێت بە ئیش و کاری سیاسی و ڕۆشنبیری جوتیاران، لەگەڵ ئەوەش ئەو ڕەوتە بە پێویستی دەزانی هەوڵ بدرێت هێزەکان لە ڕووی چۆنایەتییەوە ڕێکبخرێن نەوەکو لە ڕووی چەندایەتییەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی فەرامۆش نەکرێت و دەسەڵاتی چەکداری بە هێز زاڵ نەبێت کە لە دواجار دیاردەی عەشیرەتگەری لەناو هێزی پێشمەرگە سەرهەڵدەداتەوە. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە هەڵگرانی ئەو بیروباوەرە بە پێویستی دەزانی لە ڕێگای دەستەی پێشمەرگەی پارتیزانییەوە خەڵکی زەحمەتکێش هۆشیار بکرێتەوە لە شۆڕش نوێ، بۆ ئەوەی لە دێهات و شاخەکانەوە دەست بکرێ بە شۆڕشی درێژخایەن لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێم و هێنانە سەرکاری ڕژێمێکی دیموکراتی ئیتیلافی عیراقی کە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان دابین بکات، شۆڕشەکەش ناوبنرێ بە( شۆڕشی عیراقی لە کوردستانەوە هەڵگیرساو) (٥٣).

دووەمیان: بیروڕای هەوادارانی بزووتنەوە بووو عەلی عەسکەری ڕێبەرایەتی دەکرد، ئەمان پێیان وابوو دامودەزگا لێکترازاوەکانی شۆڕشی پێشوو، دەتوانرێ سەر لە نوێ وەکو جاران ببوژێنرێتەوە و بەردەوام بێت لە خەباتی چەکداری، بەمەش لایەنگیری ئەو بۆچوونەیان دەکرد و هەمیشە ئەوەیان دووبارە دەکردەوە کە تەنیا سەرکردایەتیەك هەرەسی هێناوە، جەماوەر هەمان جەماوەرەو ڕژێمیش هەمان ڕژێمەو، زوڵم و زۆرداریش هەر بەردەوامە. ئەمانە پێکەوەنانی هێزی چەکداری زۆریان بە پێویست دەزانی، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە پاڵەپەستۆ بکرێتە سەر ڕژێمی عیراق و ناچار بەوە بێت دەرگای دانوستان بکاتەوە. ئەمەش مانای ئەوەبوو کە لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین هێزی چەکداری لە دەوریان گردبێتەوە، بێ ئەوەی بیر لە چۆنایەتی ئەو هێز بکەنەوە، گرنگ ئەو بوو ڕژێم ئەمان بە نوێنەری گەل بزانێ و ناچاری ئەوەی بێت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات(٥٤).

بەمەش هەر لەسەرتاوە ناکۆکییەکان وردە وردە لە نێو ئەو دووباڵە دەستی پێکردو، لایەنگیرانی کۆمەڵە ئامادە نەبوون سەر بۆ بیروڕاکانی ئەوان دابنوێن، چونکە سەرکردەکانی بزووتنەوە کەسانی ناوداربوون و لەوانە بوون کە لە شۆڕشی ئەیلولدا ڕۆڵی بەرچاویان دیبوو، لێرەشدا زۆری ئەوانەی دەهاتنە ڕیزی شۆڕشەوە دەچوونە ڕیز بزووتنەوە، بەمەش تەرازووی هێز بەلای بزووتنەوە لاسەنگ دەبووو، قبوڵ نەکردنیشی بە زیانی یەکێتی نیشتمانی تەواو دەبوو(٥٥).

دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش و گردبوونەوەی خەڵکێکی زۆر لە دەوری شۆڕشدا، داوا لە جەلال تاڵەبانی کرا کە پێویستە بگرێتەوە ناوەوەی وڵات، ئیتر بەگەڕانەوە تاڵەبانیش کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی یەکەمین کۆبوونەوە خۆی لە ٣١ ئابی ١٩٧٧ تا ١٢ی ئەیلولی١٩٧٧ لەسەر خاکی کوردستان دەست پێکرد، کە سەرچاوەکان بە کۆبوونەوەیەکی گرنگ وەسفی دەکەن، لەبەر ئەوەی تا ئەو کاتە یەکێتی سکرتێرو مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی دیاری نەکردبوو. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێ:"

**دەستەی دامەزرێنەر (مەبەستی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتییە- توێژەر) لە دەرەوە ولآت بو، سەرانی کۆمەڵەو بزوتنەوە نەیان توانی بو لەسەر دیاریکردنی ئەندامەکانی«سەرکردایەتی ولات»و ژمارەو دابەشکردنی ئەرك و فرمانەکانیان ریك بکەون، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکە زل نەبی، وەکو چارەسەرێکی کاتیی و مامناوەنجی تا گەرانەوە مامجەلال، لەسەر ئەوە پیك هات بون«سەرکردایەتی دوانە» بوناوچەکان دروست بکەن، لە هەر ناوچەیەك دا دو کەس: یەکیك لە کومەڵ و یەکیك لە بزوتنەوە دابنرین،...، بەم پێیە: ئارام- رەسول مامەند بو کاروباری سیاسی، سالار- عەلی عەسکەری، تالیب روستەم- خالید سەعید، عومەر عەبدوللا- تایەر عەلی والی بۆ کاروباری پیشمەرگایەتی ناوچەکان دانرابون"**[56]. ئەم هەنگاوەش هەم ناکۆکییەکانی زیاتر کرد، هەم لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی شۆڕشدا نەدەگونجا.

کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی یەکێتی بەڕێوەچووو و نوێنەرەکانی هەرسێ باڵەکەی یەکێتی دەست نیشان کرا، لە باڵی بزووتنەوە هەر یەك لە عەلی عەسکەری، ڕەسووڵ مامەند، خالید سەعید، تایەری عەلی والی، سەعدی گچکە، عومەر دەبابە، بۆ سەرکردایەتی دەست نیشان کران. لە نێو ئەوانەشدا هەر یەك لە عەلی عەسکەری و ڕەسول مامەند بوونە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. دوا بەدوای ئەوەش ڕێکخستنەوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کراو، ناوچەکانی کوردستان دابەشکرایە سەر هەشت هەرێمی پێشمەرگایەتی و، لە ناویاندا هەر یەك لە هەرێمی پێنچوین و هەورامان، هەرێمی دەشتی هەولێرو، هەرێمی خۆشناوەتی، بەر بزووتنەوە کەوتن، کە یەکەمیان تایەر عەلی والی و، دووەمیان سەید کاکەو، سێیەمشیان سەعدی گچکە فەرماندەیان بوون[57].

لەم سەروبەندە بەدواوە بزووتنەوە لە ناو یەکێتیدا بەردەوامی بە چالاکییەکانی خۆیداو لەگەلێك داستنی پێشمەرگایەتی بەشداریان کردو ڕۆڵیان بینی، بەڵام هەندێ کارەسات و ڕووداوە هاتنە پێشەوە کە زەرەمەندی زۆری بەسەرانی سەرکردایەتی بزووتنەوە گەیاند، ئەمانیش کوژرانی سەعدی گچەو پۆلێك لە هاوڕێکانی لە شەڕی دەشتیۆ لە ٨ی مارتی١٩٧٨[58]. کوژرانی عەلی عەسکەری و خالید سەعید لە رووداوی هەکاری لە حوزەیرانی١٩٧٨[59]. دەستگیرکردنی کاردۆ گەلالی و عەلی هەژار لە لایەن ڕژێم لە٩ی نیسانی١٩٧٩بوون[60].

ئیتر بە هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن، لە لایەك جۆرێك لە لاوازی بزووتنەوەو، لە لایەکی دیکەشەوە زەقبوونەوەی ململانێیەکانی لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێکەوتەوە. بەمەش لە دواجار بووە هۆکاری ئەوەی باڵێکی ناو بزووتنەوەی لە ٢١ی مارتی ١٩٧٩ بڕیاری جیابوونەوە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بدات.

## تەوەری دووەم: هۆکارەکانی جیابوونەوەی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا

بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە دوایی دەستپێکردنەوەی خەباتی سیاسیی و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێدا ڕەزامەندی لەسەر ئەوە دەبڕی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی لە چوارچێوەی کاری نیمچە بەرەیی لەگەڵ باڵەکانی دیکەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان خەباتی هاوبەش ئەنجام بدات، بەڵام ئەو بارودۆخە زۆری نەخایەند، بەهۆی ئەوەی ڕێکخراوەکانی ناو نیمچە بەرەکە لە پێکهاتەی جیاواز لە بیروباوەڕ پێکهاتبوون و تاقیکردنەوەکەش بۆ ئەو سەردەم تازە بوو، بۆیە هەنگاوەکە هێندەی نەبرد تووشی گیروگرفتی

سیاسی سەختو دژوار هاتەوە[٦١]. لەم چوارچێوەیشدا هەم بزووتنەوە لە ناوخۆیدا ، هەم لەگەڵ باڵەکانی دیکەی ناو یەکێتی ڕووبەڕووی کێشە کردەوە.

لە ڕاستیدا، لە ناو دەستەی دامەزرێنەرو ئەندامو لایەنگیرانی بزووتنەوە هەڵگری بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبوون، هەندێکیان هەڵگری بیروبارەوەی مارکسی-لینینی، هەندێکی دیکە سۆسیالیستی، هەندێك دیموکراتیو، هەندێکیش نەتەوەیی ڕووت. بێ گومان کۆبوونەوەی ئەم هەموو بیروباوەڕە ئالۆزە لە ناو ڕێکخراوێکی ساوای ئاوەهاداو لە بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان، ئەستەمە هەموویان لە ژێر یەك چەتردا کۆبکاتەوە[٦٢]. بەمەش هەر لە ڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنەوە ئەم ناکۆکیانە بەدی کرا، کاتێك لە لایەن گروپێکەوە پشگیری لە بەشداری کردن لە خەباتی نیمچە بەرەیی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ناو یەکێتی بە باش دەدرایە قەڵەم، کەچی گروپەکەی دیکە ئارەزووی ئەوەیان دەکرد بزووتنەوە سەربەخۆی خۆی بپارێزرێت لە پەیوەندی کردن لەگەڵ پارتو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان[٦٣].

لەمەو بەر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە دەستەی دامەزرێنەرو سەرکردایەتی بزووتنەوە لە سەرەتای دروست بوونییەوە لەهەر دوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوون، بە ئامانجی ئەوەی ئەو شەقارەکی کەوتبووە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلولدا چارەسەری بکەنو بێن بە هێزی سێیەم، لەم چاوچێوەش لە بارەی شەڕکردن لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان[٦٤]، هەمیشە ناکۆکیان لەگەڵ باڵی کۆمەڵەو باڵی گشتی ناو یەکێتیدا هەبوو، لەبەر ئەوەی باڵی بزووتنەوە بە شەڕ کردن لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی پارتی ڕازی نەبوو، چونکە بە زیندوو کردنەوەی ململانێی نێوان هەر دوو باڵەی پارتی دەزانی[٦٥]، هەروەها لەمە دەترسان کە ئەم شەڕە بکەوێتە ناو ئەندامانی بزووتنەوە خۆشیان، لەبەر ئەوەی لە پێکهاتەی هەردوو باڵەکە پێکهاتبوون[٦٦]، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین سەرباری ئەو بیرکردنەوەیە سەرانی بزووتنەوە لە دواتریش نەیان توانی خۆیان لە کاریگەری هەر دوو باڵەکەی پارتی دیموکرتی کوردستان ڕزگار بکەن، ئەگەر بزانیین لە دوایی کوژرانی عەلی عەسکەریو هاوڕێکانی کە بە کاریگەر بە باڵی(مەکتەبی سیاسی) ناسرا بوون، باڵی( مەلا مستەفا بارزانی) لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی پێشوویان مانەوەیان لەگەڵ یەکێتیو تاڵەبانی ئەستەم بوو[٦٧]. بۆیە بڕیاری جیابوونەوەیاندا.

ناکۆکییەکانی نێوان باڵی بزووتنەوەو باڵی کۆمەڵە، یەکێکی دیکە لەم فاکتەرانەی کە لە دواتر دەبێتە هۆکاری جیابوونەوە بزووتنەوەی لە یەکێتی، کە سەرەتای سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانی نێوانیان بۆ بەرایی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەگەڕایەوە، چونکە هەردوولا دوو دیدو بۆچوونی جیاوازیان هەبوو دەربارەی چۆنییەتی دەستپێکردنەوەی شۆڕشو دامەزراندنی هێزە چەکدارییەکان[٦٨]، ئەمەش لە دواتردا کە شۆڕش خورت بوو وای کرد ناکۆکییەکان زیاتر تەشەنە بکات، بە هۆی ئەوەی کۆمەڵە خۆی بە بڕبڕەی پشتی ڕێکخستنەکانی یەکێتی دەدایە قەڵەمو، بۆ چوونیان وابوو کە دەبێت کۆمەڵە سەرکردەو ڕێبەری شۆڕش بێتو، شۆڕش لەسەر بیروباوەڕی ئەوان گەشە بکات، بۆ ئەوەی ڕێگە لەبەردەم ئەو هەوڵە بگرن کە لە ڕۆڵی کۆمەڵە کەم دەکاتەوە[٦٩]. لە بەرانبەریشدا پەسەند کردنی ئەو هەنگاوەی کۆمەڵەش لە لایەن سەرکردایەتی

بزووتنەوە قبوڵ کردنی ئەستەم بوو، لەبەر ئەوەی سەرکردەو لێپرسراوەکانی کۆمەڵە لە شۆڕشی پێشوودا شوێن پێگەو جێگایەکی دیاریان نەبوو، جیاواز لەوەش چونکە سەرکردەکانی بزووتنەوە خاوەنی ڕابردوویەکی ناسراو بوون، بەرپرسەکانی کۆمەڵەیان بە کەم ئەزموون دەدایە قەڵەم[٧٠].

لە لایەکی دیکەوە، ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دووباڵە هێندەی دیکە قاڵبوویەوە، دوای ئەوەی سەرکردەکانی کۆمەڵە بەم دابەشکردنی دەسەڵاتە لە ناو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە شێوەیەکی یەکسان ڕازی نەبوون، لەم بارەشەوە سەرچاوەیەك دەڵێ:" **... لە مەشیاندا، لەسەر هەق بوون، بزووتنەوە ئەگەرچی حەشاماتێکی لە دەور بوو، بەڵام لە ڕووی چۆنایەتییەوە، هاوتای کۆمەڵەو ڕێکخستن و هێزەکانی نەدەوەستا**"[٧١]. لێرەشدا سەرکردایەتی بزووتنەوە باس لەوە دەکەن کە جەلال تاڵەبانی وەك سکرتێری یەکێتی، دەبوو هەوڵی چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کێشەکان بدات و بە یەك چاو سەیری هەردوولا بکردایە، بەڵام وانەبووە بەڵکو بەلای کۆمەڵە دایشکاندووەو لە هاوکاری چەك و تەقەمەنیش بەشی کۆمەڵەی زیاتر لە بزووتنەوە داوە، بۆیە ئەم هەنگاوە هێندەی دیکە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕەنجاندووە[٧٢]. بەڵام لە بەرانبەر ئەو وتانەدا بە پێچەوانەوە سەرکردەیەکی باڵی کۆمەڵە دەڵێ:" **... هەم لە ئاستەنگە بابەتیەکان و هەم لە کێشە بە مەبەست دروسکراوەکاندا، لە دوا مشت و مڕو سەرەنجامدا، بزووتنەوە لە زۆر بارەوە زیتر لە کۆمەڵە قازانجیان کرد، جارێ لە دابەشکردنی مەسئولیەتدا، بزوتنەوە پایەو پلەی زۆرتری درایە، لە دابەشکردنی چەك و تفاقی هێنراویشدا، هەر بزوتنەوە زۆرتریان بەرکەوت... ئەمە جگە لەوەی تەنانەت لە رووی شەخسیشەوە،(مام جەلال) زیاتر ڕێزی لە سەرکردەکانی بزوتنەوە دەگرت**"[٧٣]. بەڵام لە بارەی ئەو بابەتەدا نەوشێروان مستەفا دەڵێ:"... **هەندی لە بیروبۆچونەکانیان جوری لە راستیان تی دابو، بەلام شیوەی کارو پروپاگاندەکانیان نادورست و زیانبەخش بو**"[٧٤].

شیاوی باسە، جیا لەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن ململانێ لە نێوان باڵی کۆمەڵەو بزووتنەوە لە هەڵگرتنی ئامانجی شۆڕشیشدا هەبوو، ئەگەر بزانیین کۆمەڵە دروشمی ڕووخاندنی ڕژێمی عیراق هەڵگرتبووو، لە بەرانبەریشدا بزووتنەوە ئەو کارەی بە پێویست نەدەزانی و، وای دەدایە قەڵەم کە هەم بارودۆخ لە بار نییەو، هەم کوردیش توانای هەڵگرتنی ئەو دورشمە گەورەیەی نییە[٧٥]. ئەمەش ڕێك پێچەوانەی ئەو بیر بۆچوونەیە کە دەڵێ:" **جیابوونەوەکەی بزووتنەوەو ململانێکەی لەگەڵ کۆمەڵەدا هیچ ئەساسێکی فکری و مەوزوعی نەبوو، بەڵکو بەشی زۆری کێشەو گرفتەکان لەسەر ئەساسی زاتی بوون، چونکە زۆر رووی دەدا برادەرێکی کۆمەڵە دەبووە بزووتنەوە یا بزووتنەوە دەبووە کۆمەڵە، خلافێك نەبوو کە ئەساسێکی فکری، خیلافێکی چینایەتی بێت، بەڵکو هەر هەمووی لەسەر فراوان کردنی سنووری دەسەڵات و زیادکردنی ژمارەی ئەندامان و گوێ نەگرتن لە یەکتری بوو**"[٧٦].

ڕووداوی هەکاری بووە یەکێکی دیکە لەو خاڵە ناکۆکانەی کە لە دواتر بزووتنەوە لە یەکێتی جیابێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکە بووە هۆکاری کوژرانی بەشێکی زۆر لەسەرکردایەتی بزووتنەوە، کە لە دواتردا بووە هۆکاری وورووژاندنی ململانێیەکان و تاوانبار کردنی یەکتری، بە تایبەت تاوانبارکردنی جەلال تاڵەبانی لە لایەن لایەنگیرانی بزووتنەوە بەوە، کە ئەم کارەی بۆ ساغکردنەوەی ئەوانە ئەنجام داوە[٧٧].

یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانی جیابوونەوەی بزووتنەوە لە یەکێتی بریتییە لە دوور کەوتنەوە یەکێتی لەم بەرنامەیەی کە دەربارەی ڕێکخستنی بەرەکە دانابوو، بە هۆی ئەوەی لە دواتر بە ئاراستەیەکی دیکە هەنگاوی ناوە. لەم بارەشەوە قادر عەزیز دەڵێ:"... **کاتی بینیمان یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەی کە خۆی خستییە ڕوو، ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرتووە، وا ئیش دەکات بۆ ئەوەی ببێ بە حزب، ئەو ڕێکخراوانەش کە لەو نیمچە بەرەیەدان زوو یا درەنگ ناچار دەبن خۆیان لەو حزبەدا بتوێننەوە، بزووتنەوە ئەو تەرحەی قبووڵ نەبوو، گوتمان ئەگەر یەکێتی دەبێ ببەرە لەبەر ڕەچاوکردنی بارودۆخەکە هاوکار دەبین، بەڵام ناکرێ بزووتنەوە خۆی لە ناو یەکێتیدا بتوێنێتەوە، چونکە بزووتنەوە ڕێکخراوێکی سیاسی جیاوازەو بیرکردنەوەشی لە یەکێتی جیاوازە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوە لە نیمچە بەرەی یەکێتی جیابووەوە**"[٧٨].

لە ڕووەکی دیکەدا، هەندێ لە سەرچاوەکان ڕۆڵی مەحموود عوسمان[٧٩] وەکو یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان[٨٠]، بە یەکێك لە هۆکارەکانی جیابوونەوەی بزووتنەوە لە یەکێتی دەدرێتە قەڵەم، بە هۆی ئەوەی کە ناوبراو ڕۆڵی کارای بینیوە بۆ زەقکردنەوەی ناکۆکییەکان و، هانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی داوە هەنگاوی لەم شێوە بابەتە بهاوێن و بڕیاری جیابوونەوە بدەن[٨١].

جیا لەوانەی ئاماژەیان بۆ کرا، ئالوگۆڕە کوردستان و ناوچەییەکان، هۆکارێکی دیکە زەمینە ساز بوو بۆ قاڵبوونەوە خاڵە ناکۆکەکان و دواتریش جیابوونەوە بزووتنەوە لە یەکێتی، کە بریتی بوون لە هەر یەك لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١١ی شوباتی١٩٧٩و، سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازی کوردستان لە بەشی ڕۆژهەلات[٨٢] و، لەبەرەیەك هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانی شیوعی و حکومەتی عیراقی و، ڕوو لە شاخ کردنی هێزەکانی شیوعی[٨٣] و، خورت بوونەوەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان[٨٤].

لە دواجاردا بەهۆی کەڵەکەبوونی هەموو ئەم هۆکارانەی کە ئاماژەمان بۆ کرد، سەرکردایەتی بزووتنەوە لە ٢١ی مارتی ١٩٧٩ جیابوونەوە خۆی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕادەگەیەنێ و، بارەگای سەرەکی خۆی دەگوازێتەوە بۆ گۆڕەشێر[٨٥]، بەمەش لایەنگیرانی لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکرانی کوردستان دەکەونە بەرەی ئەوانەوەو، ماوەی نێوان کۆتاییەکانی مانگی مارت تاوەکو مانگی ئاب خەریکی ڕێکخستنی کارەکانیان دەبن، تا دواجار لە کۆنگرەدا لە ٨ی ئابی ١٩٧٩ هەر دوولا بانگی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان دەدەن[٨٦].

بە چوونە دەرەوەی بزووتنەوە، یەکێتی تووشی قەیرانێکی گەورە هاتەوە، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی جەلال تاڵەبانی دوای پەیوەندی کردن بە ڕێکخستنەکانی ناو شارو هاتنە دەرەوەو بەشداریکی کردنیان لە خەباتی چەکداری تاڕادەیەك توانرا هەنگاوێکی دیکە بهاوێژێت، ئەگەر بزانیین بەشێك لە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی مابوونەوەو نەچووبوونە دەرەوە، بۆیە بەسەرکردایەتی عومەر مستەفا ناسراو بە عومەر دەبابە، کەوتنەوە کارکردن و هەریەك لە :( جەمال حەکیم ئاغا، عەلی حەویز، مامۆستا نازم، مامۆستا شەریف مەلوود، عەزیز بەگ، سوارئاغای عەباسا ئاغای سەرکەپکان، مامۆستا عومەر عەبدوڵڵا، عومەر عەزیز) سەرکردایەتییەکی نوێیان بۆ خۆیان هەڵبژارد، دەستیان کردەوە بە ڕێکخستنەوە بزووتنەوەو خەباتی پێشمەرگایەتی[٨٧]. لەم چوارچێوەیەشدا بەمەبەستی ئیدانە کردنی هەنگاوی برادەرەکانیان لە مەسەلەی

جیابوونەوەیان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ بەیاننامەیەکیان دەکردو تیایدا بە توندی هێرشیان کردە سەر ئەو کادیرانەی بزووتنەوەی کە لە ڕیزەکانی یەکێی نیشتمانی کردستان جیابوونەتەوە، بەمەش بە کەسانی ئاژاوەگێرو گۆماناوییان لە قەڵەمداون[٨٨]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە خۆیان بە باڵی سەرەکیو ڕاستی بزووتنەوەی داوەتە قەڵەمو، جیابووەکانیشان بە بە باڵی لاوەکی نیشان داوە[٨٩]. لێرەشدا توێژەرێك پێی وایە کە ئەوانە چونەتە دەرەوە لە یەکێتی نیشتمانی کودستان باڵی سەرەکی بووینە نەك ئەوانە ی ماونەتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەوانەی مابوونەوە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بە باڵەگۆجەکە ناوبراون[٩٠].

لە ڕاستیدا، دوای ئەوەی ئەو باڵە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کەوتنەوە خۆیانو دەستیان کردەوە بە کارکردن تارادەیەك کایگەرییان کردە سەر هەندێك لە برادەرەکانیان، کە لەگەڵ باڵەکەی تریان چووبوونە دەرەوە، تا ئەوەی بگەرێنەوەو جارێکی دیکە لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکەونەوە بە چالاکیو خەباتی خۆیان. بەمەش ڕێکخستنەکان جۆرێك لە گەشانەوەی بە خۆیەوە بینیوە، تا ڕادەی ئەوەی دەستکراوە بە ڕێکخستنەوە ئۆرگانەکانو دانانەوەی ئەندامانو لێپسراوانی ناوچەو لقەکان. ئیتر بۆ جارێکی دیکە هاوشان لەگەڵ باڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانو باڵی گشتی لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەرموگورییەکیان دایەوە بە چالاکییەکان. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوانە زۆرجار گفتوگۆو تاوتوێ یەکگرتنی باڵی بزووتنەوەو خەتی گشتی دەبوون بە باسو خواس نێو ئەندامانو سەرکردایەتی هەدوو باڵەکە. بەم شێوەیەش بۆ یەکەمین جار لە ١٩ی ئابی ١٩٨٢ خەتی گشتی لە کۆبوونەوەی فراوانی خۆیدا بە ئامادە بوونی هەریەك لە: (جەلال تاڵەبانی، خدر مەعسوم، سەید مەجید، پێشەوا تاڵەبانی، فەرید زامدار، عەزیز حەسەن، محەمەد فەرەج، دڵشاد حەسەن، پێشرەو سەید برایم، هۆشمەند عەبدولکەریم"د.شالاو"، ڕەئوف سلێمان، شێخ دارا حەفید، عەبدوڵڵا حاجی شێخە، عەلی وەیس، مەمەند حاجی سدیق، سالار محەمەد ئەمین، سیار محەمەد عەلی، موشیر حەمە غەریب، ئەحەمەد مەلوود، مەحموود محەمەد، زێرەڤان، ڕەهبەر سەید برایم، سلێمان ئیسماعیل، زەریا، کەمال عەبدولکەریم، فەرهاد ڕەسوول، موحسین عەبدوڵڵا، مەحموود خۆشناو، محەمەد سالح محەمەد، عەبدوڵڵا سالحو ئەحمەد دادی). باس لە مەسەلەی یەکگرتنی بزووتنەوەو خەتی گشتی کراو بۆ ئەو مەبەستەش لێژنەیەك پێکهێنرا لە: (شێخ دارا حەفید، ڕەئوف سلێمان، پێشەوا تاڵەبانی، فەرید زامدارو عەزیز حەسەن). هەروەها لە ٢٣ی ئابی هەمان ساڵ خدر مەعسووم نامەیەکی لەم بارەوە ئاراستەی ناوەندی بزووتنەوە کرد تا ئەوەی لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا ئالوگۆری بیرورای نێوانیان بکەن، ئەنجام وەفدێکی بزووتنەوەی کە پێکهاتبوون:( لە نازم عومەر، عومەر عەزیز، عەبدوڵڵا عومەرو، چەتۆ حەویزی) هاتنو لە ٢٦ی ئاب کۆبوونەوەی دوو قۆڵی ئەنجامدرا، بەمەش دوای گۆرینەوەی بیروڕاکانو بوونی جۆرێك لێك تێگەیشتن لەنێوان هەردوولا، ڕەزامەندی درا لەسەر یەکگرتنی باڵی بزووتنەوەو باڵی گشتی، جگە لەوەش هەر لەو کۆبوونەوەیدا لەسەر پێشنیاری برادەرانی دەرەوە کە پێکهاتبوون لە هەر یەك لە: ( فوئاد مەعسوم، کەمال فوئاد، عومەر شێخ مووسو، عومەر دەبابە) ڕەزامەندی درا لە ناوی ڕێکخستنەکە بە ناوی( یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان)[٩١].

دوای هاتنە پێشەوەی بابەتەکان لە ١٠ی ئەیلولی ١٩٨٢ لێژنەی نوێنەرایەتی هەردوولا دوای کۆبوونەوەی خۆیی بەستو بڕیاری دامەزراندنی (یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان) درا، ئیتر هەر بەو بۆنەیەوە دوو رۆژ دواتر لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەشداری ئەندامانی هەردوولاو بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان رۆژی ١١ی ئەیلولی ١٩٨٢ بە سالڕۆژی دامەزراندنی (یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان) راگەیەنرا[٩٢]. بەمەش خەتابی ئەو تیکۆشەرانەی پێی نایە قۆناغێکی تازە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی نوێوە کە چالاکییەکانی تا ماوەیەکی زۆر دواتر لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیو چەکداری لە باشووری کوردستان جێگەی دیاری بۆ خۆیی دیاری کردووە.

**ئەنجام:** لە دووتوێی توێژینەوەکەدا گەیشتووینەتە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- بیرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان وەك پێویستییەکی مێژوویی، دەگەرێتەوە بۆ ئەم بارودۆخەی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، کە کوردستانی عیراق تێکەوتبوو. لێرەشدا بۆ بەرپەرچدانەوەی توندوتیژی سیاسەتی ڕژێمی عیراقی، لە لایەكو، بە زیندووڕاگرتنی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان لە لایەکی دی، دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی وەك ئەلتەرناتیڤێك لە لایەن پۆلێك نیشتمانپەروەر بە پێویست زانراوە.
- ئەگەرچی بزووتنەوە لە سەرەتاوە بە بیری ئەوە هاتۆتەوە مەیدان کە لە ڕێگای ئاشتیو دانووستانەوە چارەسەری کێشەکانی کورد لە چوارچێوەی عیراق بکات، بەڵام بە تەنگەوە نەهاتنی ڕژێمی عیراق بە چارەسەری ئاشتییانەو بەردەوامی لەسەر سیاسەتەکانی، بۆتە هۆکاری ئەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوە بڕیاری دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری بدات.
- بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە بزووتنەوە لەگەڵ باڵەکانی دیکەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاری کردووە، نەیان توانیوە ناکۆکییەکانی نێوانیان بە شێوەیەکی بابەتیانەو دیموکراسیانە چارەسەر بکەن، چونکە باڵەکان لەگەڵ ئەوەی چەند لە ڕووی سیاسیو عەسکەرییەوە کۆكو تەبا بوون، ئەوەندەش لە ڕووی ئایدەلۆژیو فەلسەفییەوە لە یەکتر دوور بوون.
- بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ماوەی کارکردنیدا، ئەگەرچی توانیویەتی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆیدا گرد بکاتەوە، بەڵام نەیتوانیوە ئەم هەموو بیروڕا جیاوازەی کە لە ناویدا هەبووە، لە یەك ئایدەلۆژیادا کۆیان بکاتەوەو بەرەو یەك ئاراستەیان ببات، ئەمەش لەبەر ئەوەی نە ئۆرگانێکی هەبووە، نە دەزگایەکی ڕاگەیاندن، هەروەها نە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانو نە کۆنفراسو نە کۆنگرەشی بەستووە.
- بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندییەوە تا جیابوونەوەی لە یەکێتیو دروست بوونی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان لە ٨ی ئابی١٩٧٩، کە دەکاتە سێ ساڵو چەند مانگێك ڕۆڵی کاری بینیوە، بەڵام لە سێ ڕووداودا تووشی ئاستەنگی گەورە هاتووە، وەکو لە دەست دانی سەعدی گچەکەو هاوڕێکانی لە شەڕی دەشتێو لە ٨ی مارتی١٩٧٨، کوژرانی عەلی عەسکەرو خالید

سەعید لە هەکاری لە حوزەیرانی١٩٧٨، دەست گیرکردنی کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژار لە ٩ی نیسانی١٩٧٩، بەمەش تا ماوەیەکی زۆر نەیتوانیوە شوێنی ئەم پۆلە سەرکردەی خۆی پڕ بکاتەوە، کە بە لە دەستدانیان کەلێنێکی گەورە کەوتۆتە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە گشتی و ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بە تایبەتی.

- دوای جیابوونەوەی باڵێکی بزووتنەوە لە یەکێتی، لە لۆژیکی خەباتی شاخدا، ئاسان نەبوو سەنگەرەکان بە ئاشتی پێکەوە هەڵ بکەن، بۆیە بەرەو شەڕێکی ناوخۆی توندی بردوون، بەمەش هاوڕێ و هاوسەنگەرە شۆڕشگێرەکانی ڕۆژانی پێشوو، بوون بە ناشۆڕشگێر، کافری و، لادەر لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، ئەگەر بزانیین هەر دوولا ماوەیەکی زۆر لە دواتر لەگەڵ یەکتردا کەوتوونەتە شەڕێکی بێ ئەنجامی کورد کوژی.

**پاشکۆی ژمارە (١) دەقی بڕیاری کۆتایی پێ هێنان بە شۆڕشی ئەیلول**



الى كافة/ الهيئات، فروع الحزب، م.س
من/ مصطفى البارزاني

ژمارە/١
ڕوژ/١٢/١٣\١٣/٢/١٩٧٥

من المقرران يتم وقف اطلاق النار بين قواتنا وقوات الحكومة العراقية في جميع الجبهات غدا الموافق ١٣/٢/١٩٧٥ الساعة (١١) صباحا يجب الالتزام بقرار ووقف اطلاق النار من جانبنا في الموعد المذكور وذلك عند الالتزام الجانب الحكومي بالقرار تكون كافة قواتنا مهيئة وعلى جانب كبير من اليقظة والحذر في حالة تعرض اية نقطة الى الهجوم من القوات الحكومية يجب الدفاع عن النفس والمواقع بكل الامكانيات دون الانتظار والتعليمات يجب تفهيم كافة الوحدات والمقارز بمضمون هذه البرقية ونؤكد ضرورة بقاء قوتكم في الانذار وبحذر شديد يرجى اخبارنا عن مدى تنفيذ اطلاق النار من جانب الحكومي باستمرار وسنبلغكم التعليمات الاخرى فيمابعد.

## پاشكۆی ژماره( ٢ )

## بەیاننامەی دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموكراتی كوردستان [٩٣]

**ئەی گەلی عێراقی تێكۆشەر**

**ئەی گەلی كوردستان نەبەز**

گەلی كورد ئیمرۆ بەناسكترین‌و پرمەترسی ترین قۆناغی خەباتیاتی ئەوپەری رووبەروی گەورەترین مسئولیەتی مێژوویی بۆتەوە كە پێویستە زۆرژیرانەو نەبەزانە خۆی لێ ڕزگار بكات ئەم ڕۆژە رەش كارەساتە گەورەیەی دوچاری هاتوویان سیاسەتی شۆڤێنیە سولطەی دیكتاتۆری بەعس دەكەن بەخراپترین شێوە ڕەگەز پەرستانەی ئەیانەوێ هەمو نیشتمانەكەمان لە ناو بەرن.

**ئەی گەلی كوردی قارەمان:**

